تورکیا .. بەهۆی ئاگرکەوتنەوەوە لە هۆتێلێک ٦٦ گیانیان لەدەستدا



بەهۆی ئاگرکەوتنەوەوە لە هۆتێلکی چیای کەرغەو لە ناوەڕاستی تورکیا لانیکەم ٦٦ گیانیان لەدەستدا و زیاتر لە ٥٠ کەسی تریش بریندار بوون.

ئەمە سەرەمە ، عەلی یەرلیکایا، وەزیری ناوخۆی تورکیا رایگەیاند، ئاگر لە یەکێك لە هۆتێلکانی ناوچەیەکی گەشتیاری لە چیای کەرغەوی ناوەڕاستی تورکیا کەوتۆوە و بەهۆیەوە ٦٦ کەس گیانیان لەدەستدا و ٥١ کەسی دیکەش برینداربوون.

بازرگانی هەرەم: کەتا وەجبەی پارەی گەنمی جوتیاران دابەشدەکرێت

ئاماژەی بەوەشکرد، لێکاتی ئاگرکەوتنەوەکەدا، ٢٣٨ کەس لە هۆتێلەکەدا بوون و توانراوە زۆرینەیان رزگار بکرێن، وتیشی ئاگرەکە چەندین کاتژمێری پێچوو تا کۆنترۆ کراوە.

هاوکات، دەسەڵاتدارانی تورکیا رایانگەیاندووە، ئاگرەکە لە چێشتخانەی هۆتێلەکە کەتووەتەوە و دوا تەشەنەی سەندووە و هەر ١٢ نهۆمی هۆتێلەکەی گرتووەتەوە.